کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-11-2007 23:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بو بەرپەرچدانەوەی هێرشەکان ... بێستون بەرواری

بە لێکدانەوەی قسەکانی فەرماندارانی تورکیا و ئەو کەش و هەوای ئێستای دەقەرەکە هێرشە بەرفراوانەکەی لەشکری تورکیا بو سەر کوردستانی باشور هەرنەبێت تا ماوەیەکی تر دوادەخرێت. بەلام بەو دواخستنەش وەکو جارانی پێشتر ئەو مەترسیە هەردەمێنێت و ئێمە وئەوان هەر روژێکمان دەبێت بو یەکلاکردنەوەی ئەو مەترسیە دیروکیە. هەرچەندە قسەی مەزن زورە بەرپرسەکان لە کورۆکوبونەوەکان دا و لەبەردەم زومی کامیرەی تەلەفزیونەکان دەیکەن وەک ئەوەی هاوار دەکەن مەگەر دوژمن لە سەر لاشەی ئێمەدا بێتە سەر خاکی کوردستان و بە هێزی ئامریکا پشتگەرمین یان باری نێونەتەوەیی رێگا نادات کەس سنوری کوردستان ببەزێنێت و هتد.. بەلام شتێکی ئاشکرایە لەم شازدە سالەی دەستەلاتی خومان بەکردەوە شتێکی وامان نەکردووە لەم بوارەوە. جا پێویستە بزانین بو ئەو روژە چون دەبێ خومان ئامادەبکەین.



رێگای کورتی بەرپەرچدانەوەی هەرەشەکانی دوژمنان ئەوەیە کە تاکی کورد خوی سەروەربزانێ و هەستی نەتەوەیی لەلوتکەدا بێت و خوی بەخاوەنی دەستکەوتەکان بزانێ. گەراندنەوەی متمانەی جەماوەر بە دەستهەلات رەنگە گرنگترین خال بێت لەو رێگایەدا و ئەویش بە راستگویی وئاشکراگویی پەرپرسان و ئاگادارکردنەوەی گەلی کوردستان لە راستیەکەی بارودوخی رامیاری کوردستان و عیراق وئەوجا بەشدارکردنی جەماوەر لە وەرگرتنی بریارەکاندا و لە هەمو ئاستەکان. هەول بدرێت بو جێ بە جێ کردنی دادی کومەلایەتی بە کەم کردنەوەی جیاوازی باری دارایی چینیەکان، بە واتەیەکی تر، لە جیاتی ئەوەی بەرپرسەکان هەر دەولەمەند و دەولەمەندتربن یارمەتی هەژاران بدرێت کە ژیاریان باشتربێت. هەلبەت باشتر کردنی باری ژیانی هەژاران تەنیا بە مووچە و یارمەتی ناکرێت بەلکو بە دابین کردنی هەڵ و مەرجی روخساوتر بو کار و بەرهەمهێنان دەکرێت لە کوردستان دا. لەبیرمان نەچێ ئورگانیزەکردنی کومەلگا و یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا و سزادانی هەموو سەرپێچکەران و گەندەلکاران و نەهێشتنی بەرەللایی و بەرتیل و واستە و دەست لەکار تێوەردانی کەسایەتی لەکاروبارەکاندابنچینەن بوئەوخالانەی سەرەوە. لەو کاتەدا هەنگاوی دلسوزانە پێویستە بوئاوەدانی کوردستان و بەرهەمهێنانی پێویستیەکان تاوەکو پشتمان بە هێز وتوانا و بەرهەمەکانی خومان گەرم بیت و تابکرێت چاومان لەدەستی ئەو ولاتانە نەبێت کە بەو بەرهەمانە پالەپەستوی رامیاریمان دەخەنە سەر. لێرەداتاقیکاری گەلانی جیهانمان بێتە بەرچاو، سالانی سالە ئەمریکای زلهێز ئابلوقەی ئابووریی خستووە سەر خەلکی کوبا بەلام ئەو گەلە قارەمانە بە کەلک وەرگرتن لە بەرهەمەکانی خویان توانیویانە خو راگرن. زور نمونەی تریش هەن کە شایانی چاولێکردنن.

لە کاتێکدا کوردستان خاوەنی خاک و ئاو و هەواییێکی نایابە وئێستا پارەیەکی بێ هەژمار لەدەستی کاربەدەستان داهەیەو هەزاران لە رولەکانمان لەبێکاری دەنالێنن هەموو شتێکمان لە دەرەوە دێت وبەتایبەتیش لەو ولاتە دوژمنانەوە. لە ئاوی خواردنەوەی تورکیوە بگرە تا سەوزەی سوری و ماستی ئێرانی!!نامەوێ زیاتریش بچمە ناو ووردەکاریەکان. بەلام هەنگاوێکی جدی وکاریگەر پێشنیار دەکەم بو کەوتنە سەر رێگای درێژی ئازادی و رزگاری ئەویش ئەوە لە جیاتی خوپێشاندان لە سەر شەقامەکانی دهوک و هەولێر و سلێمانی و شاروچکەکان لە هەر ناوچەیەک چەند پروژە ی بەرهەمهێنان رابگەیینین و هەریەکەو ماوەیەکی کورتی بو دیاربکەین، جەماوەر کارەکەی بکا و دەستهەلاتیش پێویستیەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-11-2007 23:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دابین بکا، با لە پروژەی سادەوە: لە چاندنی سەوزەوکێلگەی مەڕ و مانگاوە دەست پێ بکەین ووردە ووردە کارگای روون و دوشاووو بەرهەمە کشت وکالیەکان دروست بکەین، ئاوی کوردستان خاوێن رابگرین وکەلکی لێ وەربگرین. لێرەدا رولی پارتەکان ودەزگاکانی کومەلگای مەدەنی ورێخستنەکانی پیشەیی و پالپشتی راگەیاندن پێویست و کاریگەرە. هەنگاوێکی وا هەرچەندیش بچوک بێت واتایەکی گەورەی هەیە. با روژێک بانگەوازێ بکەین بوکاری هەرەوەزی بوبە بەرهەمهێنانی زەوی گوندێکی نزیکی زاخو و روژێکیش بو دانانی کێلگەیەکی بەرهەمهێنانی شیر و ماست لە شەقلاوە، با هەفتەیەک کاری هەرەوەزی رابگەهێنرێت بو پاککردنی ئاوی سەرچنار و دەوروبەری وهتد.. با لەو روژە دیاری کراوانەدا تەلەفزیوناکانی کوردستان راستەوخوو کارەکە پێشانی هەمو کوردستان و جیهان بدەن، روژنامەکان بە راپورتاژ وورەی جەماوەر و هەستی نەتەوەیی بەرزبکەن، لێپرساوان بە دلسوزی و هاوشانی هەژاران کاربکەن و دەستهەلاتیش پێویستی بەردەوامبوونی چالاکیەکان پێکبهێنێن وخەلات ببەخشن بەو کەسانەی بەرهەمی خومالی دروست دەکەن. با هەریەک لە وەزارەتخانەکان پێشبرکێ دروست بکەن و یارمەتی بەرهەمهێنەرەکان بکەن. بەلام بەو مەرجەی لێپرساوان ئەم چالاکیانە نەکەن بە هەلێک بو خو نیشاندان و سینگ دەربرین وەکو جاران!!

سوێد 2007/11/22 بێستون بەرواری
Biston. berwari@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.